# هۆلیا ئەفشار سەردانی زێدی لەدایکبوونی خۆی دەکات

هونەرمەند هۆلیا ئەفشار کە سترانبێژێکی کوردەو بە تورکی دەستریَ دوای 40 ساڵ دابڕان، بۆ یەکەمین جار سەردانی زێدی لە دایکبوونی خۆی دەکات.

ڕۆژی 26ی ئایار بەبۆنەی کردنەوەی سالۆنی داخراوی وەرزشی کە ناوی هۆلیا ئەفشاری لەسەر دانراوە و لەلایەن سەعدەدین ساران دروست کراوە، سەردانی شارۆچکەی ئەردەخانی کرد و بەشداری لە ڕێورەسمی کردنەوەی سالۆنەکەدا کرد، دواتر چوە ئەو شوێنەی کە لێی لەدایک بووە. لەویَ لەلایەن خزم و کەس و دانیشتووانەکەیەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا و چەند مەڕێکیان لەبەر پێیدا سەربڕی. هۆلیا ئەفشار بە مۆبایلەکەی خۆی وێنەی ئەو خانوەی گرت کە تێیدا لەدایک بووە.

هۆلیا ئەفشار لەو سەردانەیدا بە کوردی قسەی لەگەڵ کەسوکارەکەی خۆی و دانیشتووانی شارۆچکەکەدا کرد، هەروەها بە کوردی لە فەرماندەی سەربازی کە بۆ



پاسەوانیکردنی ئەو لەویَ بوو، پرسی: 'ما تو کرمانجی دزانی؟' کاتێک ئەویش وەڵامی بەڵێی دایەوە، بە کوردی قسەی لەگەڵدا کرد.

جێی ئاماژەیە لەوەتەی قەدەغەکردن لەسەر زمانی کوردی سوک کراوە، هێواش هێواش هونەرمەندو سیاسەتمەدارانی تورکیا ڕەسەنی خۆیان ئاشکرا دەکەن و کوردبوونی خۆیان پێشان دەدەن، ئەمەش وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەرەوپێشەوە چوونی کێشەی کورد لێکدەدرێتەوە.

هۆلیا ئەفشار سترانبێژێکی ناوداری تورکیایە، بەڵام چەندین جار لە بۆنەکاندا کوردبوونی خۆی ئاشکرا کردوە، پارساڵ لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا راشکاوانە ڕایگەیاند ئەو کوردەو دەشیهەویَ بە کوردی بۆ ڕاگەیاندنەکان قسە بکات و بە کوردیش گۆرانی بڵێ.

**سەرچاوە: نێت کورد**

# ژوانگە

## لە سێدارەدانی لاوانی کوردو برا گەورەیی دەسەڵاتداران

ئەم دەسەڵاتەی خۆمان لەوەتەی هەیە، هەموو جیهان بە دۆستی خۆی دەزانیَ، بەڵام کەسیش دۆستی گەلەکەی ئەو نییە! زۆر سەیرە دەسەڵاتێک بیَ دوژمن بیَ!! ئایا بەراستی دیموکراتە؟ دەسەڵاتیَ هەستی نەتەوەیی لەلای وەکو بەرژەوەندی دراوسێی لا گرنگ نەبیَ؟ دەسەڵاتیَ شۆڕشگێڕ بە چەکدار ناوببات، داگیرکەرانی سەر کوردستان بە سەربازو پارێزڤانی وڵاتەکەیان دابنیَ. دەبیَ چ پێناسەیەکی بۆ بکریَ؟؟

کورد خاوەنی دەیان سەرهەڵدان و بەرخودان بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی میرو ئاغاو سەرۆک خێڵێک سەرپەرشتیارو دەم ڕاست بووە، بێگومان بەرەژەوەندی ئەوانیش تەنها لە بەرژەوەندی خێڵەکەی دابووە، بۆیە چارەنووسیان ڕەش بووە. ئەمارەتی سۆران، بابان، بۆتان.. قوربانی یەک نەشتەرگەرین، ئەویش بەرەژەوەندی ئەمارەتی خۆیان و ڕێخۆشکردن بۆ دوژمنەکەیان تا لە برا ئەمارەتەکەی تر بدات و ئەو ببیَ بە دەمڕاست . ئەوەتا باکوری کوردستان کوشتوبڕ دەکریَ، کەچی سەربازان و میتی تورک لە هەرێمی کوردستاندا تەراتێن دەکەن و بە ماڵ و حەوشەی خۆیانی دەزانن . ئەوەتا لاوی کورد دوێنیَ و ئەمڕۆو هەموو ڕۆژیَ لە سێدارە دەدرێن، کەچی ئەم دەسەڵاتە هیچ دەنگێکی لێوە نایەت. ئەوەتا شۆڕشگێڕانی وەکو فەرزادی کەمانگەرو هاوڕێیانی لە سێدارەدران و کە ئێستا زۆر لە هاوڕێکانی تریشی چاوەڕوانی هەمان چارەنووس دەکەن، بەڵام دەستەڵاتی کوردستان نە ئەو تاوانە شەرمەزار و ڕسوا دەکات و نە تانەی لێدەدات نە و پرۆتەستۆیشی دەکات، هەروەها لە ئۆپۆزسیۆنەوە تاکو چەپ و علمانییەکان و ئیسلامییەکان هیچ هەڵوێستیکیان نەنواندووە! ئایا هەمان چارەنووسی ئەماراتەکانمان وەبیر ناهێنێتەوە؟! ئایا هەمان چارەنووسی پەرلەمانەکەی بەغدامان و تۆپباران و سنووربەزاندن و جێبەجیَ نەکردنەکەی ماددەی 140 نەبوو؟!

ماوەتەوە بگوترێت، دڵسۆزتم لە پێناو تۆدا، دەمرم بۆ مانەوەی دەسەڵاتم، بکوژە برام، برام نییە.. ئەمە پەندێکی کوردییەو پڕ بە پێستی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و سەرجەم حزبەکانی هەرێمی کوردستانە.

بژی دەسەڵاتی خۆم، لە پێناو خۆم وبەرژەوەندی و دەسەڵاتم، چاوم گرتووەو فزە ناکەم.

**پۆڵا کاوە**

# پێشانگەی شێوەکاری ئەرژەنگ کامکار لە تاران بەڕێوەدەچێت

بە پێی ڕاپۆرتی تایبەتی بەشی هونەریی ئاژانسی هەواڵی **پەیامنێر** لە شاری تاران، دوای ماوەی 12 ساڵ لە دواییەن پێشانگەی شێوەکار لە داهاتوویەکی نزیکدا، 60 تابڵۆی شێوەکاری لە بەرهەمە شێوەکارییەکانی ئەندامی گرووپی موزیکی کامکاران و ئامێرژەنی بەتوانای زەرب ئەرژەنگ کامکار کە تێکەڵاوێکن لە هونەری "ئاوڕەنگ و بۆیەی زەیتی"، "کۆلاژ" و "تێکەڵاوێک لە کەرەستەکان لەسەر بوومی شێوەکاری" لە گالێری فەرهەنگسەرای نیاوەرانی شاری تاران نمایش دەکرێن.

بەرهەمەکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەرژەنگ کامکار لەم پێشانگەیەدا تێکەڵاوێکن لە پارچە بەرهەمە شێوەکارییەکان کە تێکەڵاوێکە لە کەرەستەی لەسەر بووم و تەکنیکی کۆلاژ.

ئەرژەنگ کامکار کە دەرچووی بەشی شێوەکاری لە زانکۆی تارانە، دوای ماوەی 12 ساڵ ئەم پێشانگایەی دەکاتەوە و ناوەرۆکی بەرهەمە شێوەکارییەکانی ئەم هونەرمەندە کوردە دەگەڕێتەوە بۆ خولە جۆراوجۆرەکانی چالاکی هونەرمەند لە هونەری شێوەکاریدا.

ئەرژەنگ کامکار ئەندامی سەرەکی گروپی موزیکی کامکارانە و ژەنیاری ئامێری زەربە. هونەرمەند ساڵی 1979 لە بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران وەرگیرا و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە خزمەت مامۆستا "شەهاب موسەوی زادە"دا دیزاینی شێوەکاری بە ئاوڕەنگ فێربوو، لە درێژە پێدان بە هونەرەکەیدا دیزاین بە پێنووس و پێنووسی ڕەش و ئاوڕەنگ ئەزموونی زۆر باشی بەدەستهێنا.

ئەم هونەرمەندە لە درێژەی کاری هونەری شێوەکاریدا لەسەر فیگۆڕەکان کاری کرد و پاشان ئابستره و هەروەها تێکەڵاوێک لە تەواوی ئەو هونەرانەی بە ئەزموونەکانی خۆی زیاد کرد.





**دەبو لقێک لە درەختی سەوزی بناری قەندیل بام**
**نەک وێڵی ئەشقێکی ئەفسانەیی لە خەیاڵی بیَ هودەمدا**
**دەبوو قەڵغانیَ بم لە ئاست ڕمی دوژمنانمدا**
**سەنگەریَ بم لە ئیرادەو گیان بازیَ بم لە گۆڕەپانی خەباتدا**
**لە شاکاری شۆڕشمدا دەبوو شۆرەسواری داستانێک بم**
**ئاوزەنگ بدەم تا بە ئاواتی ئەم گەلەم دەگەم**
**نوسینەوەو داگیرسانی زاپێکی تر بم لە تورەبونی بەفردا**
**نەک خولیایی ساکارە خەونێک لە سەرابی تەمتوماندا**
**دەبو منیش لەگەڵ گەریلادا هاوسۆزو هاوڕیَ بم**
**تا چنگ لە خۆری ئازادی گیرکەم**
**دەبو هەرچی خۆشبەختییە بەلای وەنێم**
**خاکی بریندارو زەوی ئازارستانم هەتوان کەم**
**لە مەودای بینینا سنور سەراپا پڕ لە مەعشوقە**
**تۆ تەماشا کۆڕی خەبات چەندە گەرمە**
**خۆرەتاو کڕنوشیان بۆ دەبات**
**منیش بە چەپکیَ گوڵەوە عەشقی کوردانەم باران ئاسا دا دەکات**
**بە دڵو گیان ئارەزومە بۆ لای ئەوان بکەومە ڕیَ**
**پڕ بە دڵ بۆن و بەرامەی گەردنی کەڤرو چیا بە ڕۆحی خۆمدا کەم**
**گەلیَ ئاواتە خوازم لەگەڵ ئەواندا هەور ماچ کەم**
**بە ڕۆحی کوردانەوە دەست لە مل گەریلا کەم**
**واهاتم من لە ئێستاوە پەناگای عەشقم هەر ئێوەن**
**تا لە ڕێی نیشتماندا بمرم**
**داری ئازادی بە خوێنم ئاو دەم**
**مێژوویەک جێهێڵم پڕاو پڕتر لە سەروەری**
**پیرۆزترین شەهیدبوون لەو ڕێگایەدا تۆمار بکەم**
**من لە مەڵبەندی چیادا چەند خۆشە بۆنی ئێوەم لیَ بیَ**
**ئەی نیشتمان**



# لۆکە زاهیر لە ئەلبومی هەبوو نەبوودا

لۆکە زاهیر کە کچە شوخ و شەنگێکی جیهانی هونەری کوردیەو بە پشتیوانی هەڵکەوت زاهیر هاتۆتە ناو دونیای گۆرانی گوتنەوە، بەنیازە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا ئەلبومێکی نویَ بەناوی 'هەبوو نەبوو' بڵاوبکاتەوە.

دەرباز یونس بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کارە هونەریەکانی (هەڵکەوت زاهیر) ڕایگەیاندوە کە ئەلبومەکەی لۆکە لە 15 تراک پێکهاتووە، سەرجەم ئاوازەکانی لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە ئامادەکراون، واشپێشبینی دەکریَ کە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا بکەوێتە بازاڕەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان دکتۆرە بەلقیس، دەشنیَ، میرا لە کلیپەکاندا هاوکاریان لەگەڵ لۆکەخاندا کردوە. ئەلبومەکە گۆرانییێکی عەرەبی تێدایە هەروەها لۆکە خان شانسی خۆی تاقیکردۆتەوە بە زاراوەی کرمانجی سەروش سترانێتی چڕیوە.